

# ئاخ ئازادی چەند تاوان بە ناوتەوە دەکرێت!

گۆران عەلی

دیموکراسی زنجیرەو لە دەمی ئازادی دەدرێت،گۆڕەو ئازادی تیا دەنێژرێت ،دیموکراسی یەکێکە لەو تاوانانەی کە بەناوی ئازادییەوە دەکرێت (بە تایبەتی لە عێراق و کوردستان و وولاتانی ئیسلامیدا) .لەسایەی ئازادییدا(ئازادی واقعی لە کۆت وبەندی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و.......هتد)مرۆڤ دەتوانێت ئازادانە ڕای خۆی دەربڕێت ،بیربکاتەوە،خۆپیشاندان بکات،بیروباوەڕی سیاسی هەڵبژێرێت و .......... بەڵام لە سایەی دیموکراسیدا ئازادی لەوەی ڕای خۆت نەڵێیت،خۆ ئەگەر ووتت ئەوە یاری بەمەرگی خۆت ئەکەیت ،ئازادی لەوەی خۆپیشاندان نەکەیت خۆ ئەگەر کردت(چەند هێمن بێت و داخوازییەکانی چەند سادەبن،بۆ دابینکردنی ئاو بێت لەبەشی ناوخۆیی خوێندکاران یان بۆ باشبوونی هەلومەرجی ژیانی قوتابیان!) ئەوا دیموکراسی لەبری گوڵباران،گوولەبارانت دەکات.لەسایەی دیموکراسیدائازادی لەوەی بیروباوەڕی سیاسی و جیاوازت نەبێت ،خۆ ئەگەر هەتبوو ئەوا ناوەکەت خاڵی ڕەشی لەسەر تۆماردەکرێت و تەنانەت لەدەسکەوتنی کارو دامەزراندن لە فەرمانگەکاندا ئەم خاڵە ڕەشە بەشوێنتەوەیەو ڕێگە لە دامەزراندنت ئەگرێت (ئەمە ئەگەر بورجەکەت باش بێت و بەخت یاوەرت بێت تیرۆر نەکرێیت!) لەسایەی دیموکراسیدا هەڵبژاردنێک نییە لەنێوان کردن و نەکردندا،لەسایەی دیموکراسیدا تەنها نەکردن هەیە(داوای باشبوونی ژیان مەکە،خۆپیشاندان مەکە،بیروباوەڕی سیاسی وجیاوازت نەبێت)خۆ ئەگەر ئەمانەت کرد ئەوا دیموکراسی دەموچاوی گرژ دەبێت و شمشێرت لێهەڵدەکێشێت!

14 ساڵە لەکوردستاندا بەخششەکانی دیموکراسی وەک تانە دەدرێتەوە بە ناوچاوی خەڵکدا،کۆمۆنیستەکان و ڕۆژنامەنوسان و گۆڤارو بڵاوکراوە ئازادو بوێرەکان لەم تانە دابەشکردنەدا بەشی شێریان بەرکەوتووە،کاتێک قسە هاتووەتە سەر ئازادی ڕادەربڕین ،پیاوەکانی دیموکراسی،کادیرەکانی دیموکراسی،قەڵەم بە دەستەکانی دیموکراسی هاواریان لێهەستاوە :ئەوە نییە کۆمۆنیستەکان شت لە دژمان دەنوسن؟

ئەوە نییە چەندین ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی جیاواز دەرئەچێت،ئەوە نییەو ...ئەوە نییە؟! هەڵکردنی بای ڕەخنەی چەند ڕۆژنامەو میدیایەک بەو ئاراستەیەدا کە کەشتی دەسەڵات پێی خۆش نییە، دەکرێتە پێوانە بۆ بوونی ئازادی،هەر بەم پێوانەیەش دیموکراسی داوای قەرەمکردنی ئازادی دەکات.

بەڵام با پێوانەیەکی تر وەربگرین بۆ ئازادی، پێوانەیەکی زۆر سادەتر،لەساڵەکانی 1995-2000 دا،لە سێبەری دیموکراسی حکومەتی ڕۆژهەڵاتی دێگەڵەدا*(سلێمانی)، منداڵێکی 5 ساڵە،کچێکی خوێندکار،مەحکوم بوون بە دەرکردن لە شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی خۆیان تەنها لەبەر ئەوەی براکەیان یان باوکیان لە حکومەتی ڕۆژاوای دێگەڵە(هەولێر)دا پێشمەرگەبوو!

بەهەمان شێوە لە سێبەری دیموکراسی حکومەتی ڕۆژاوای دێگەڵەدا(هەولێر)، کوڕێکی قوتابی ،منداڵێکی کەمئەندام،خێزانێکی کەمدەرامەت مەحکوم بوون بە جهێهێشتنی خانەولانەو قوتابخانەکەیان، تەنها لەبەر ئەوەی براکەیان یان باوکیان بەبێ خواستی ئەمان، لە حکومەتی ڕۆژهەڵاتی دێگەڵە(سلێمانی)دا پێشمەرگە بوو!

ئەو دیموکراسییەی کە بڕیارە بکرێت بە نموونە بۆ عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،بەبێ گوێدانە سادەترین پێوانەکانی ماف و ئازادی کە مافی ژیان و نیشتەجێبوون و هەڵبژاردنی بیرو باوەڕی سیاسییە ،خێزانێکی چەند کەسی ناچار بە سنووورداش ئەکرد لەشوێنی ژیانی خۆیدا لەژێر ئەو بیانووەدا کە ئەندامێکی ئەو خێزانە لەمدیوی خاڵی دابەشکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدوو،یان لەودیوی خاڵی دابەشکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدوو (واتە دێگەڵە) ناوی پارت وشێوازی ژیانی خۆی هەڵبژاردووە!

دووبارەی ئەکەمەوە دیموکراسی تاوانە بە ناوی ئازادییەوە دەکرێت،زنجیرە لە دەمی ئازادی دەدرێت،گۆڕە ئازادی تیادەنێژرێت ،لەکۆتاییدا وەک چۆن ئەو شۆڕشگێڕەی لەئەمریکا، دەستی لەکەلەپچەدابوو،کاتێک بەبەردەمی پەیکەری سەربەستیدا بردیان ،ئاوڕێکی دایەوەو هاواری کرد: ئای سەربەستی چەند تاوان بە ناوتەوە دەکرێت! منیش دووبارە هاوار دەکەمەوە : ئاخ ئازادی چەند تاوان بەناوتەوە دەکرێت!

لەم ڕووانگەیەشەوەو بۆ لێکردنەوەی یەکێک لەو تاوانانە بە ئازادییەوە پێشنیار دەکەم کە ناوی پارکی ئازادی بگۆڕدرێت بۆ (گۆڕستانی ئازادی!) چونکە لەو پارکەداو لەسەر ئەو پارکە (بەکر عەلی) شاعیر بەفیشەکی دیموکراسی تیرۆر کراو ماڵە قوڕەکانی ناو سەربازگەکەش لە شەوێکدا ڕوخێنران کە لە (پرچەکانی یار ڕەشتر بوون)*.

**گۆران عەلی**
2005/1/9
goranmad@hotmail.com

---

*دێگەڵە: ئەو شوێنەیە کە جوغرافیای دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی(سلێمانی و هەولێر)ی تیا دابەشبووە بە سەر دوودا.
*ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن : ناونیشانی شیعرێکی بەکر عەلی شاعیرە.